نابێت هیچ ملوانکەیەکی بەپەت بەستراو یان هەرملوانکەیەکی تر لە ملی وشترەکان بمێنێتەوە ؛ دەبێت هەمووی بچڕێندرێت

لە ئەبی بەشیری ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە گەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد -لەکاتێکدا خەڵکی لەشوێنی حەوانەوەیان بوون- (وفەرمووی): «نابێت هیچ ملوانکەیەکی بەپەت بەستراو یان هەرملوانکەیەکی تر لە ملی وشترەکان بمێنێتەوە ؛ دەبێت هەمووی بچڕێندرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، لەکاتێکدا خەڵکی لەشوێنی خەوتنیان بوون لەنێو خێمەکاندا کە شتومەک وئاژەڵەکانیانیشی لێیە، کەسێکی نارد وفەرمانی کرد بە پچڕانی ملوانکەی ملی وشترەکان ئەگەر ملوانکەکە بەپەتی کەوان دروستکرا بێت یان لەشتی تر وەکو زەنگ یان نەعل، چونکە دەیانکردە ملی وشترەکانیان وپێیان وابوو لە چاوی پیس دەیانپارێزێت، بۆیە فەرمانیکرد بە پچڕاندنیان؛ چونکە ئەم ملوانکانە هیچ شتێک ناگێڕنەوە، وزیان وسوود هەمووی بەدەستی اللە ی تاکی بێ هاوتا وبێ شەریکە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6761